له کاتی نوێژدا قسەمان دەکرد، یەکێکمان قسەی لەگەڵ هاوڕێکەی تەنیشتی دەکرد له کاتی نوێژدا، هەتا ئەم ئایەتە دابەزی: {وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ}؛ بۆیە فەرمانمان پێکرا بە بێدەنگ بوون وقسە نەکردن له کاتی نوێژدا

لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «له کاتی نوێژدا قسەمان دەکرد، یەکێکمان قسەی لەگەڵ هاوڕێکەی تەنیشتی دەکرد له کاتی نوێژدا، هەتا ئەم ئایەتە دابەزی: {وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ}[البقرة: 238]، واتە:{گوێڕایەڵی خوای گەورە بکەن وخشوعتان بۆ خوای گەورە هەبێت وبێدەنگ بن وقسە مەکەن له ناو نوێژەکانتاندا}؛ بۆیە فەرمانمان پێکرا بە بێدەنگ وقسە نەکردن له کاتی نوێژدا».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

نوێژ کردن پەیوەندیە له نێوان بەندە وپەروەردگاری بۆیە نابێت نوێژخوێن خۆی سەرقاڵ بکات بە شتێک کە دوور بێت له پاڕانەوە وداواکردن له خودا، زەیدی کوڕی ئەرقەم -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە مسوڵمانان له سەرەتادا له ناو نوێژدا قسەیان دەکرد بە شێوەیەک کەسێک قسەی لەگەڵ هاوڕێکەی تەنیشتی دەکرد ئەگەر پێویستیەکی هەبوایە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یش گوێی لێ دەبوو وئینکاری لێ نەدەکردن. کاتێک قسەکردن هۆکاری سەرقاڵ بوون ودوور کەوتنە بوو له نزا وپاڕانەوە له خودا؛ خوای گەورە فەرمانی پێکردن کە پارێزگاری له ئەنجامدانی نوێژەکانیان بکەن وبێدەنگ بن له کاتی نوێژدا، بۆیە ئەم ئایەتەی دابەزاندا: {حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصّلاةِ الوُسطى وَقُومُوا لله قَانِتِينَ}[البقرة: 238]،واتە:{ پارێزگاری لەسەر نوێژەکانتان بکەن و بەردەوام بن لەسەری بەتایبەتی نوێژی ناوەڕاست کە نوێژی عەسرە، بە پێوە نوێژەکانتان ئەنجام بدەن وگوێڕایەڵی خوای گەورە بکەن وخشوعتان بۆ خوای گەورە هەبێت وبێدەنگ بن وقسە مەکەن لەناو نوێژەکانتاندا}، بۆیە هاوەڵان زانیان -کە نەهیان لێکراوە له قسەکردن له کاتی نوێژدا، بۆیە وازیان هێنا -ڕەزای خوایان لێبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5204